# لە کەرکوک : کاتێك کە تێکهەڵچونی میللی بەرائەتی منداڵان تیرۆر دەکات

سەمیر عادل

وەرگێرانی لە عەرەبی یەوە :عرفان کریم

شاری کەرکوك هێمن تر نەبوو لەشاری کۆسۆڤۆ ,سۆزو خۆشەویستی لە نێوان خەڵکەکەیدا کەمتر نەبوو لە سۆزو خۆشەویستی نێوان خەڵکی کۆسۆڤۆ . بەرائەتی منداڵانی وانەبوو کە بە ئەندازەی بەرائەتی منداڵانی کۆسۆڤۆ نەبێ . لەگەڵ ئەمەیشدا کینەو رقی میللی ی دای بەسەر ئەم شارە یوغسلافی یەدا و بەرائەتی منداڵانی سوتاند , ئەو منداڵانەی کە رۆژێك لە رۆژان نەیانزانیوە دایکان و باوکانیان بەکام زمان بۆ دەیان ساڵ قسەیان کردوە.

لەکەرکوکدا منداڵان بە رەنگەکان یاری دەکەن , وە هەر یەکێکیان وێنەی هەر شتێك دەکێشێ کە بە خەیاڵی دا دێت, هێشتا لەوە ئاگادار نەبوونەتەوە کە گەورەیانێك هەن پیشەیان دروستکردنی بیروباوەری قەومی یە بۆ ژەهراوی کردنی بەرائەتی منداڵان.کیژۆڵەیەك لە قۆناغی سێ ی سەرەتایی دایە و بەزمانی عەرەبی قسەدەکات وێنەی ئاڵای کوردستان دەکێشێت بەبێ ئەوەی بزانێت کە ئەم ئاڵایە سومبلی چی شتێکە,بەبێ ئەوەی بزانێت کە ئەم گوناهێکی بەرامبەر بە موقەدەساتە قەومی یە پووچەکان کردوە کاتێك وێنەی ئاڵایەك دەکێشێت سومبلی شۆڤێنیستی قەومێکی ترنی یە,وە هەموو خەتاکەی تەنها ئەوەیە کە ئەم هێشتا کیژۆڵەیەو پێشی زەمەن نەکەوتوە بۆ ئەوەی گەورە بێت . کەچی هاورێکەی کە بەزمانی تورکمانی قسەدەکات پێ ی دەڵێت : ئەگەر جارێکی تر وێنەی ئەو ئاڵایە بکێشی قسەت لەگەڵدا ناکەم ولەمەودا تۆ وەکو هاورێ ی من نامێنی ,ئەو کیژۆڵەیە نەیدەزانی کە ئەو جۆرێك لەرەنگی هەڵبژاردوە کە بوونە بە بەڵگە لەسەر تاوانەکەی , بەڵگەیەك کە ئەو یەکێك لە لایەنەکانی کێشمەکێشەکەی هەڵبژاردوە , رێگای ئەوەی هەڵبژارد کە بێ لایەنێکەی لەکۆڵی خۆی بکاتەوە ,کەئەو بێ لایەنیەش منداڵی یە ,ئەوەی کە دروستکەرانی مێژوو و سەختەکارانی لەهەر سەردەمێکدا بێت ناتوانن هەڵوێستی منداڵی , بەهەلپەرستی لەقەڵەم بدەن .

سەدام حوسێن تەنها سومبولێك نەبوو بۆ ناسیۆنال شۆڤێنیستی عەرەبی, بەڵکو قوتابخایەك بوو کە چەند نەوەی جۆراو جۆر لە ناسیونال شۆڤێنیستەکانی پێگەیاند .بەلام مێژوو تەنها ناوی مامۆستا زیرەکەکان دەهێنێ و قوتابی یەکان لەریزی سەربازە وونبوەکاندان .پێشبرکێ یەکی ناسیونال شۆڤێنیستی گەرمە بۆ خنکاندنی کەرکوك لەخوێنی دانیشتوانەکەی خۆیدا لەپێناو جێنشینکردنی جنۆکەکان , ئەوانەی بەشەقامەکانی شارداو بەسەر کۆڵێك لە لاشەدا دێن و دەچن بێ گوێدانە ئەوەی کە بەچی زمانێ دەدوان ,لەپێناو سرینەوەی کۆسۆڤۆ لە بیرکردنەوەکاندا و جێنشینکردنی کەرکوك لە شوێنەکەیدا .

بەرپرسیارانی ئەحزابی کوردی بریاری راگوێستنەوەی 80 هەزار عەرەبیان راگەیاند کە لە ژێر ناوی بەتەعریب کردنی کەرکوکدا هاتوون ,لە ئاماژەکردنیان بۆ ئەو رێکەوتنەیان لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی عێراقی دا کردویانە کە لەبەرامبەردا ئەمان رەزامەندنی خۆیان لەسەر دامەزراندنی ئیبراهیم جعفری بۆ سەرۆك وەزیرانی حکومەتێك رادەگەێنن کە ماهیەتێکی ئیسلامی بەسەریا زاڵە .یەکێك لەشێخەکانی عەشیرەتی (العبید) کە لە ناوچەکانی دەوروبەری کەرکوك نیشتەجێن کە حەویجەیە لە لێدوانێکیدا بۆ ناسیونالیستە عەرەبەکان و گرووپە ئیسلامی یەکانی ناو ك نیشتمانی رایگەیاند :ئەگەر کەرکوك تەسلیم بەکوردەکان بکەن ئەوا شارەکە هەڵگێرنەوە بۆ جەنگی نێو شەقامەکان .وە ناسیونالیستە تورکمانەکانیش لە حوسەینیە (اهل البیت ) لە کەرکوك کۆبونەوە بەئامادەبونی سێ کەس لە ئەندامانی ئەنجومەنی شاری کەرکوك بۆ داواکردنی مافەکانی تورکمان و رێگەنەدان بە ناسیونالیستە کورد و عەرەبەکان کە یاری بە شوناسنامەی شارەکەوە بکەن .

بەڵام منداڵان ئاگاداری ئەوە نەبوون کە خورافەیەك سایەی کردوە بەسەر شاری کەرکوکدا کە ئەویش خورافەی شوناسنامەی میللی یە, وە ئەوەیان نەدۆزیەوە کە ئەم خورافەیە کوردی یە یان تورکمانیە یا عەرەبی یە .وە باوکانی ناسیونالیست بەوەیان زانی کە ئەوە نەوتە کە شوناسنامەی میللی دەکاتە ئەفسانە و خورافات .وە ئەوە نەوتە کە دەبێتە سەرچاوەی هێزەکەی هەروەکو چۆن لە دەیەی هەفتاکاندا بەرگی ئەفسانەی بە بەر ناسیونالیستی عەرەبدا بەخشی, وە ئەوە نەوتە کەدەبێتە ئامرازێك بۆ جینۆسایدی میللی لە کەرکوکدا.

هیچ رێگایەك لەبەردەم خەڵکی شاری کەرکوك و عێراقدا نی یە جگە لە روبەروبونەوە و بەرەنگاری کردنی تەوژمی میللی نەبێ و ئەوە رابگەێنێن کە شاری کەرکوك بە شوناسنامەی ئینسانی یەوە ناسراوە و ئەم شارە ئەوەندە سەروەت و سامانی تێیدایە کە ئەگەر بەیەکسانی بەسەر خەڵکەکەیدا دابەشبکرێت و لە لایەن دەستە و تاقمە ناسیونالیستەکانەوە نەدزرێت ئەوە بەشی هەمووان دەکات. بەرینی زەوی وزارەکەی هەمووان دەگرێتە خۆی و تەنیا زمانێکی رەسمی نەبێت بەڵکو هەموو زمانەکان بەرەسمی بناسرێت و لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێت هەروەکو چۆن لە وولاتانی کەنەدا و سویسرا و وولاتانی دیکەی تردا کاری پێ دەکرێت .

ئەگەر ئینسانیەت لە کەرکوك و عێراقدا بیەوێت ئەو کیژۆڵەیە بژێت وە سەر نەبردرێت و لاشەکەی پارچە پارچە نەکرێت و لە بازاری هەرزان فرۆشی ناسیونالیستی دا نەفرۆشرێت تەنها لەبەر ئەوەی چەند رەنگێکی هەڵبژارد بەبێ ئەوەی پێ ی بوترێت کە ئەو تاوانێکی میللی ئەنجام دەدات .ئەوا پێویستە قەسابکاری یەکانی کۆسۆڤۆ بەبیری خۆی بێنێتەوە .